عەبدوڵلا پەشێو:

بەهۆی حیزبایەتی دنیا وەك یەکێتیو پارتیو دوو حیزبی موعارەزەی عێراقی دەمانناسێ نەك وەك گەلێکی خاك داگیرکراو

بەشی یەکەم

مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو وەك شاعیرێکی نێوداری کوردو مرۆڤێکی سەربەخۆیخوازو، کەسێکی بەهەلوێست و دوژمنی براکوژی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان مرۆڤێکی ئاشناو ناسراوە. لەم هەڤپەیڤینەدا هەوڵماندراوە بیروڕا تازەکانیو ڕوانینی بۆ بوویەرەکانی ڕابردوو و سەربردەی کاری حیزبایەتی لەکوردستاندا بۆ خوێنەران بەدیار بخەین.

خۆشەویستییەکی بەدینەهاتووم لەگەڵ ئافرەتێکی نەناسراودا هەیە

*** ئایا حیزبایەتیو شاعیرێتی پێکەوە هەڵدەکەن و ئایا هەردووکیان دەتوانن پێکەوە سەرکەوتوو بن؟**

– بەو مانایەی کوردێك یا ڕۆژهەڵاتییەك لەحیزبایەتی دەگا، پێم وانییە. شاعیرو نووسەرو هونەرمەندو ئەوانە دەبێ ویژدانی نیشتمانی خۆیان بن و هیچ حیزبێکیش نوێنەری هەموو گەل و نیشتمان نییە، ساپیتەی کوردایەتی بڵندترو فراوانترە لەهی حیزبایەتی. دووبارەی دەکەمەوە، من مەبەستم لەو حیزبایەتییەیە کە لەوڵاتێکی جیهانی سێیەمی وەك کوردستاندا هەیە. لێرە حیزب تا لەدەسەڵات دوورە میلیشیایە، کە دەسەڵاتیشی وەرگرت تاگەراج لێدەخوڕێ. کاروباری دەوڵەت و دامودەسگا مەدەنییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیو وردە وردە دەبێتە ئیدارەیەکی مافیایی.

*** کاریگەرێتی شیعر لەسەر سیاسەت چۆنەو پێچەوانەکەی چۆنە؟**

– بێگومان سیاسەت کار لەشیعر دەکات و شیعریش بەدەوری خۆی کار لەسیاسەت دەکات، بەڵام کارتێکردنەکە بەشێوەی کەڵەکەبوون دەبێت و کەم کەمە و لەسەرخۆیە. واتە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ شیعر لەماوەیەکی کەمدا گۆڕانێکی نەوعی لەسیاسەتدا پێکبێنێ یان بەپێچەوانەوە. بەڵام ڕەنگە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو کەڵەکە بوونە، ئەو چەندایەتییە، بگاتە ئەو ڕادەیەی کە ببێتە هۆی گۆڕانێکی چۆنایەتی. ئەو تۆزە هۆشە نەتەوەییەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە بەری ڕەنجی سەدان ساڵی چەند زاتێکی وەك خانیو حاجیو پیرەمێردو قانیع و گۆران و کامەران و هەژارو هێمن و گەورە شاعیرانی ترە.

سیاسەتیش شۆپی خۆی لەسەر شیعر جێدەهێڵێ. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و پیرەمێرد، کۆماری کوردستان و هێمن، شۆڕشی ئەیلوول و هەژار نموونەن.

*** هەموو شاعیرێك بەهۆی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتییەوە (چەوساندنەوەی نەتەوەیی یان چینایەتی یان دڵداری) ڕووی لەشیعر کردووە، چ پاڵنەرێکی سەرەکی هەبوو بۆ تۆ کە ببی بەشاعیر؟**

– هەموو ئەمانە پێکەوە. جوانیی سروشت و ئافرەت، ئەڤینی شێتانە، ستەمی کۆمەڵایەتیو لەمانەش گرنگتر ئەو ستەمە ئاشکرایەی کە داگیرکەران لەوڵات و نەتەوەکەمیان دەکرد.

ئەندامێکی پارتی بوومەو لەکاتی کارەساتی دووبەرەکییەکەدا تا ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ تاقمەکەی مەکتەب سیاسیدا بووم

سەرچاوەی هونەر بەگشتیو شیعر بەتایبەتی ژیانە: ژیان بەهەموو ڕەنگ و شەبەنگەکانییەوە، بەهەموو هەورازو نشێوەکانییەوە. بەهەموو بەرزەفڕیو شکستەکانییەوە. وزەی ئەو کارەبایەی بۆ شیعر پێویستە لەساردو گەرمیی ئەڤین و قین. گومان و یەقین، جوانیو دزێوی پەیدا دەبێ.

*** هەمیشە لەکۆڕەکانتدا زۆر بەگرنگیو جددی باس لەخانیو حاجی قادری کۆیی دەکەی، تۆ وەکو فکر بەو دوو کەسە سەرسامی یان وەکو شاعیر، یان خۆت بەموریدو بەکەسێکی بەدواداهاتوی ئەوان دەزانی؟**

– ئەز دیوی هزریو هونەری لەشاعیرانی گەورەدا لێك ناکەمەوە. من ئەو دوو زاتە، چ وەك شاعیر، چ وەك بیرمەند بەدوو کۆڵەکەی بن ساپیتەی بیری نەتەوەیی دەزانم. دەروێشی تەریقەتی کەس نیم، بەڵام جێی شانازییە کە شاگردی ئەو گەورە پیاوانە بم.

*** لەنێو شیعرەکانتدا هەست بەخۆشەویستییەکی بەدی نەهاتوو دەکرێ، هیچ خۆشەویستیو عەشقی بەدی نەهاتووت هەیە؟**

– ڕەنگە شتێکی واهەبێ. دوو سێ شیعرم هەن زۆر گوزارش لەو حاڵەتە دەکەن، یەکیان شیعری (دوالاپەڕەی یاداشتی دڵدارێك) ە کە تێیدا گوتوومە:

شاعیرێك بووم
گەرووی وشکم
بەدوای قومێك ئاودا وێڵ بوو،
بۆ بارانی هەر ئاسمانێك نووشتامەوە
ئاوی لێڵ بوو.

مرۆڤ، بەتایبەتی شاعیر، هەمیشە بەدوای عەشقێکی تەواو و کامڵدا دەگەڕێ. بەدوای عەشقێکدا کە سەراپای داگیر بکا. هەر لەمنداڵیمەوە تائێستاش بەبیرم نایێ ڕۆژێکی ژیانم بەبێ عەشق بەسەرچوو بێ. ئەوەتا لەپارچە شیعرێکی دیکەدا گوتومە:

(پەشیمانم و
پەشیمانیش نیم
کەوا سەدەفی سەدان لەش گەڕام
بۆ دۆزینەوەی مرواریی گیانێ)

بەڵێ ڕەنگە سەدان سەدەف بپشکنی، بۆ ئەوەی مرواریی گیانێك بدۆزیتەوە.

*** ئەوەی پێش چوونە دەرەوەت خۆشەویستییەکی بێ ئاکامت لەگەڵیدا هەبووە کەسێکی دیارە؟**

– ئەگەر مەبەست لە(دیار) کەسێکی ڕاستەقینەو کۆنکریتە، بەڵێ. من یەك شیعری خۆمم پێ شك نایێ تەجروبەیەکی لەتوێدا نەبێ. خۆشەویستیم هەمیشە لەگەڵ زەویزادەدا کردووە نەك گیانەوەرێکی خەیاڵکرد.

*** ناسراوە؟**

– نەخێر. تەنیا کۆلانەکانی هەولێرو پیرەقەڵات دەیناسن. مەبەستم یەکەم خۆشەویستییە کە گەورەترینە. لەوڵاتی ئێمەدا ئەڤین هەر هێندە پیرۆزە تا نەهێنییە. ئێمە قسە دەربارەی بابەتێك دەکەین کە لەسیاسەتیش ترسناکترە. با بادەینەوە سەر باسێکی تر!

*** تووەك کەسێکی نەتەوەیی ناسراویو حیساب دەکرێی، هەر لەبەر ئەوەش زۆر بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو دۆستایەتییەی تۆو حیزبی شیوعیو دۆستایەتی گەرموگوری تۆ لەگەڵ بەڕێز عەزیز محەممەددا دەکرێ. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

– من لەساڵانی دواییدا حەز ناکەم وشەی (نەتەوەیی) بۆ خۆم و کەسانی وەك خۆم بەکار بێنم. هەر لەژێر ئەم دروشمەدا بەعسییەکان کوردستانیان خاپوور کردو دەکەن. فاشستەکانی ئیتالیاو نازییەکانی ئەڵمانیاو سربەکانی یۆگۆسلاڤیا ملیۆنان غەیرە ڕەگەزی خۆیان بەناوی (نەتەوە) لەناوبرد. تورکە ڕەگەزپەرستەکان بەچەپ و ڕاستیانەوە هەر بەناوی (نەتەوە) خەڵکی کوردستان قەتڵوعام دەکەن و وڵاتەکەمان داگیر دەکەن.. ئێمە نامانەوێ وڵاتی کەس داگیر کەین. خۆمان لەکەس بەگەورەتر نازانین. ئەوپەڕەکەی دەمانەوێ لەسەر خاکی بابوباپیران سەربەخۆ بژین. خێرو بێری وڵاتی خۆمان بۆ خۆمان بێ. نە ئاغای کەس بین نە کەس ئاغامان بێ. دەمانەوێ دەوڵەت و ئاڵای خۆمان هەبێ وەکوو هەموو ئەوانی تر. ئەمەش نە نەتەوەپەرستییە نە تەڕەماش! ئەمە پێی دەگوترێ (سەربەخۆییخوازی) یا (نیشتمانپەروەری). ڕاستە ئێمەی کورد بەمانای بەرگری لەخۆ کردن واژەی (بیری نەتەوەیی) بەکار دێنین و ئەم وشەیە بۆ کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بیری نەتەوەیی کوردی هی لەسەرخۆکردنەوەیە نەك پەلامار. بەڵام ئێمە ناتوانین لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکدا ئەمە ڕوون بکەینەوە. هەروا کە ئەم وشەیە وەردەگێڕین بۆ زمانێکی بیانی تووشی ئیشکال دەبین. ئینجا بابێمەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەتان، دەربارەی پەیوەندیی من و کاك عەزیزو کۆمۆنیستەکانە. وەڵامەکەم ئەمەیە:

ئەو کەسانەی بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە دەکەن ئەوانە حیزبایەتی وەك عەشیرەت تەماشا دەکەن، کە کوڕی عەشیرەتێك بووی دەبێ بەچاوی گومانەوە تەماشای هەموو عەشیرەتەکانی دیکە بکەی، ئەگەر یەك کەس لەعەشیرەتێك کوژرا ئەوا ئەندامانی هەردوو عەشیرەتەکە دەبنە دوژمنی یەکتر. ئەوان بەو شێوەیە تەماشای مەسەلەکە دەکەن. بەڵام من پێموایە ژیان لەوە فراوانترو ڕەنگارەنگترە. ئەوەی ڕۆژێك کاك عەزیزی ناسیبی دەزانێ ئەو گەورە پیاوە دیوە ئینسانییەکەی زۆر زاڵە بەسەر دیوە ئیدیۆلۆژییەکەیدا. هاوڕێیاتیی کاکە عەزیز خەلاتێکی گەورەیە کە ڕۆژگار پێی بەخشیم.

ئیدیۆلۆژیا تاکە لاپەڕەیە کە لەو دەفتەرە گەورەیەی پێی دەگوترێ ژیان. من لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمدا لەو لاپەڕەوە، واتە لەلاپەڕەی ئیدیۆلۆژیاوە، دەست پێ ناکەم. لای من ئەوەی لەمرۆڤدا گرنگە ئەخلاقە. ئەخلاق بەمانایە گەورەکەی. واتە من پێش ئەوەی دۆستایەتی لەگەڵ ئیدیۆلۆژیادا بکەم، جا بیری نەتەوەیی، لیبرالی یا چەپخوازی بێ، هاوڕێیاتی ئینسان دەکەم. من چ لە هاوبیرێك بکەم کە متمانەی ئەوەی پێ نەکەم بچمە ماڵی یان بێتە ماڵم؟! چ لەهاوبیرێك بکەم کە نەتوانم جارێك گرییەکی دڵی خۆمی لا بکەمەوە؟! بەپێچەوانەشەوە، با کەسێك سەر بەبیرێکی دیکە بێ، بەڵام لەڕووی ئەخلاقیو مرۆڤایەتییەوە لەگەڵی بگونجێم، دەتوانم دۆستایەتی بکەم و هیچ کۆسپێك نابینم. دانوستان لەگەڵ جەوهەری شتەکاندا دەکەم نەك قەپێلك و توێکڵ. خۆشبەختانە. زۆربەی ئەو کۆمۆنیستانەی دۆستایەتیم کردوون مرۆڤی ڕەندو قوربانیدەرن، بگرە هەندێکیان نموونەن. ئەمە هیچ ناکۆکییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی من لەرابردوو و ئێستاو لەمەودواش سەر بەبیری سەربەخۆییخواز بم و پێموایە میللەتی کورد لەسەر خاکی خۆی دەژیو مافێکی سروشتی خۆیەتی کە دەوڵەتی خۆی هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش هەر ئامرازو هۆیەکی بەکاری بێنێ ڕەوایە. دەمێکە لەوە گەیشتووم، هەر گەلێك کیانی نەبێ کەرامەتیشی نییە.

پرسیارەکەی جەنابت دەبوایە سی چل ساڵێك لەمەوبەر بکرێ! ئەو توندوتیژییەی جاران لەنێوان بیری چەپخوازیو نەتەوەخوازیدا هەبوو، ئێستا نەماوە یا زۆر تەنك بووە. هەندێ جار بەزەحمەت کۆمۆنیستێك و سەربەخۆییخوازێکی کورد لێك جیا دەکرێنەوە. ئێستا کەس نایێ یەخەت بگرێ، ئیللا بیللا دەبێ مارکسی بیت یا کۆنەپەرست. مەتریالیست بیت یا ئیدیالیست! کەس ناوەندەکەت لێ حەرام ناکا! هەڵبەتە کۆمۆنیستی ئاخیر زەمانمان هەن. من باسی ئەوانە ناکەم. ئەوانە هی ئاخر زەمانن و عەیاریان جودایە!

*** باشە کۆمۆنیستەکان هاتونەتە سەر هێندێ قەناعەتی نەتەوەییەکان یان نەتەوەییەکان لەوان نزیکبوونەتەوە؟**

– باوا بیر نەکەینەوە. بۆچی وابیر بکەینەوە کە ئێمە سەرکەوتووین یان بیری ئێمە سەرکەوتووە؟ بۆچی وابیر نەکەینەوە کە ژیان هەموو لایێکمانی گۆڕیوەو بەرەو یەکترمان دێنێ؟ زۆر ڕاستی هەن وردە وردە دەردەکەون و ئاشکرا دەبن. جاران هەندێ شت بەبڤە دادەنرا ئێستا بەئاسایی وەردەگیرێو ڕەنگە چەپخوازەکان پێش نەتەوەییەکانیش پێیان خۆشبێ، ژیان زۆر شتی تێگەیاندووین. نەك هەر چەپەکان، ئێمەش گۆڕاوین. ئێمەش ئێستا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەبەستینەوە بەدێموکراسیو حوکمی مەدەنیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتیو چیو چی...

*** دیارە سەربردەیەکی حیزبیت هەیە، دەخوازین ئەو سەبردە حیزبییەمان بۆ باس بکەی؟**

– بەڵێ، من لەساڵی ١٩٦١ یاخود ساڵی ١٩٦٠دا پەیوەندیم بەیەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کرد، ئەوکات مێردمنداڵ بووم، ساڵی ١٩٦٣ بۆ ماوەیەك چوومە دەرەوەو لەشاخ مامەوە، لەناوچەی کۆیە بووم، شەوی چۆڵکردنی شاری کۆیە لەساڵی ١٩٦٣دا لەکۆیە لەگەڵ خەڵکەکەدا بووم. بۆ یەکەمجار شەهیدم بینی، بریندارو بۆردومانکردنی نیشتمانە خۆشەویستەکەی خۆمم بینی. تەجروبەیەکی کەمخایەن، بەڵام زۆر دەوڵەمەند بوو. لە زۆر ڕووەوە ژیانی گۆڕیم. پاشتر پەیوەندیم بەپارتییەوە کرد. لەکاتی کارەساتی دووبەرەکیەکەدا لەگەڵ تاقمەکەی مەکتەب سیاسیدا بووم. تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵیان دا مامەوە. پێش ئەو ماوەیەش بێگومان جینگڵم دەدا بەدەست براکوژییەوەو ئەو شتانەی لەکوردستان دا ڕوویاندەدا زۆر ئازاریان دەدام. ئەگەر ئەو حیزبایەتییە قازانجێکی بۆ من هەبووبێ، هەر ئەوە بووە کە منی تاهەتایێ کردە دوژمنی براکوژیو ئەقڵییەتی تەسکی حیزبایەتی. بەهەر حاڵ، لەوساوەشیعرم کردووە بەحیزبی خۆم، هەتا ئێستاش هەر لەو حیزبەدا کار دەکەم!

*** پەیوەندیت لەگەڵ کاژێك دا هەبووە؟**

– نەخێر قەت و قەت پەیوەندیم لەگەڵ کاژێك دا نەبووە. قەتیش لەکوردستان کەسم نەناسیوە بەخۆی گوتبێ کاژێك! ئەوسا ئەوەی باسی یەکگرتنەوەی کوردستان و سەربەخۆییو ئاڵاو ئەو شتانەی بکردایە پێی دەگوترا کورد کوژە! واتا کاژێك! حەزم دەکرد شتێك دەربارەی کاژێك بزانم. چونکە لەناو حیزبدا جارجار بەوە "گوناهبار" دەکرام. چوومە سلێمانیش هەر بۆ ئەوەی کاژێکنامە ببینم، هاوڕێیەکی نێزیکی شاعیر، کە هاوبیر بووین و دەشمزانی پەیوەندیی بەکاژێکەوە هەیە، بەڵێنی پێ دابووم. ئێستاش لەبیرمە، گوتی دانەیەك لای مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەرەو لێی وەردەگرم. هەر نەبوو! لەساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمجار لەبەرلین کاژێکنامەم بینی. پێویستە هەموو کوردێك بیخوێنێتەوە.

*** دەڵێن ئەو کاتەی لەرووسیا بووی جۆرە نوێنەرایەتییەکی (پاسۆك)ت دەکرد، ئایا ئەوە ڕاستە؟**

– نەخێر قەت قەت شتی وانەبووە. بێگومان ئەوانم وەکو هەڵگری بیری سەربەخۆییخوازی بەحیزبێکی نزیك لەخۆم دادەنا. ئێستاش هەر کەسێك نەتەوەییانە بیر بکاتەوە بەنزیکی دادەنێم، هەر دەستەو تاقمێك، هەر گروپێك، لەهەر جێگایەکی ئەم دونیایە سەر بەبیری سەربەخۆییخوازی کوردستان بێ بەنزیکی دادەنێم. بەڵام نێزیکەی سیو پێنج ساڵێك دەبێ حیزبایەتیم نەکردووە.

*** لەکۆڕێکتدا لەساڵی ١٩٩٢ لەڕانیە باسی ئەوەتکرد کە خوالێخۆشبوو ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆك لە پێش ڕاپەڕین دا شیعرەکانی تۆی گەیاندوونەتەوە کوردستان و بڵاویکردونەتەوە، وابزانم جۆرە گفتوگۆیەکیش لەنێوان تۆو ئازاد مستەفادا هەبووە. ئەوە چۆن بوو؟**

– بەڵێ ڕاستە، لەشاری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا، پێموابێ ساڵی ١٩٨٦ بوو، سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان هاتبوونە ئەوێ، هەموویانم بینی، یەك لەوانە خوالێخۆشبوو کاك ئازاد مستەفا بوو کە بەڕاستی بەدڵم دا چوو، لەماوەی ئەو چەند سەعاتەی لەگەڵیدا دانیشتم وەك مرۆڤێکی پڕ حەماسەتی کوردایەتیو ڕۆشنبیر هاتە بەرچاوم. پێشتر شیعرەکانی خۆم دابوونە خەڵکی دیکە، بەڵام هیچیان نەیانگەیاندبوونەوە کوردستان، کاك ئازاد شیعری (تاچرای ئێمە نەسوتێ)و (سەدان ساڵە)و (مەزاد) و چەندین شیعری دیکەی گەیاندەوە کوردستان و بەهیممەتی ئەو بڵاوبوونەوە.

*** گلەیی ڕێکخراوو گروپە نەتەوەییەکانی دەرەوەی وڵات لەتۆ ئەوەیە کە هاوکارییان ناکەی، ڕات چییە لەو بارەیەوە؟**

– ناتوانم هاوکار بم بەو مەعنایەی ئەوان دەیانەوێ. حیزبایەتی بە من ناکرێ. بەڵام ئەگەر یەکتر بگرن و سێنتەرێکی ڕاگەیاندن پێکبێنن، ئەوا نەك هەر من، زۆری لە من باشتریش خزمەتیان دەکەن. تا ئاوا پەرت و تەخشان و پەخشان بن کاتی خۆیان و خەڵکی تریش بەفیڕۆ دەدەن. باوەڕم پێبکە ئێستا تەنیا لەئەورووپا، ئەوەندەی من بزانم، زێتر لە دە دەستەو گروپی نەتەوەیی هەن، دۆستایەتیم لەگەڵ هەموویاندا هەیە، بەڵام بچم لەگەڵ کام گروپ کار بکەم؟ ئایا ڕەوایە ئێستا من خۆم بەکاری حیزبایەتییەوە خەریك بکەم؟ ئەگەر من لەگەڵ گروپێك بم، هەر گروپێك و بەهەر ناوێك، خەڵکەکە لێم دەپرینگێنەوە. بەو حەماسەوە نایێنە کۆڕەکانم و متمانەیان بەقسەکانم نامێنێ. حیزبایەتی ماڵی وێران کردووین و ئەنجامی شەڕەزرتانێی حیزبەکان لەبەرچاوەو حەوجەی ئەنگوست نییە. زۆرم پێخۆشە ئەو گروپانە، چ لەدەرەوە چ لەکوردستان، یەکبگرن و زۆریشم لەگەڵیان هەوڵداوە، تەنانەت حەز دەکەم ئەو گروپانە لەگەڵ هەندێك گروپ و توێژی چەپخواز کە لەکوردستان و دەرەوە هەن لێك نزیکببنەوە. بزاڤێك پێکبێنن، نەك حیزب.

*** یەکێك لەو سیفەتانەی کە پێی ناسراوی ئەوەیە کە زۆر دژی حیزبایەتی، ئەو سیفەتەت لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

– حیزبایەتی، لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەگشتیو لەلای ئێمە بەتایبەتی بەردەوامیی عەقلی عەشایرییە، واتە کورد بەعەقڵێکی عەشایری حیزبایەتی دەکا. ئەوەندە لەمێژ نییە هەر یەکێك لەئێمە دەیزانی سەر بەکام عەشیرەتە، کە لەسەدەی ڕابردوودا، لەئەنجامی زنجیرە شەڕێکی درێژخایەندا ژیانی عەشایری تێکچوو، مرۆڤی کورد هەستی بەتەنیایی کرد، کوا عەشیرەت! کوا سەرۆك عەشیرەت! کوا دیوەخان، کە ئەندامی عەشیرەت پێی پشتئەستوور بوو؟ نەما هەمووی دارما. دروستبوونی حیزب لەو کاتەدا لەکوردستان هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەو کەسانەی هەستیان بەتەنیایی دەکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆیان لەبن خێوەتی عەشیرەت دا ببیننەوە. حیزب بووە فۆرمێکی تازەی عەشیرەت. حیزب بەهەموو شێوەیەك بەرژەوەندیی ئەندامەکانی خۆی دەپارێزێو سزایان نادات، چونکە ئەوانە ئەولادی عەشیرەتن، ئەولادی عەشیرەتیش لەبن خێوەتی حیزبدا هەست بەئاسوودەیی دەکەن. حاڵی حیزب لەلای ئێمە تارادەیەکیش لای دراوسێکانمان، بەم شێوەیە.

حیزب حیزبیانێ بیری کوردی خانە خانە کردووە، ئێمە پێش ئەوەی تەماشای یەکتری بکەین وەکو کوردو (هاونیشتمان)و هاوچارەنووس، وەکو (هاوحیزب) حیساب بۆ یەکتر دەکەین، کە کوردێك دەدوێنێ پێش هەموو شتێك بیر لەڕەنگەکەی دەکەیتەوە. هەر ئەوەش تارادەیەکی زۆرو بەشێوەیەکی سەرەکی دەستنیشانی هەستی تۆ دەکات بەرامبەری. تەماشاکە، دوای دوازدە ساڵ وجوودی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ لەباشووری کوردستان، کە دەبوایە لەو ماوەیەدا دنیاو دەوروبەر وەك حکوومەت و پەرلەمان و گەل و وڵات بمانناسن، کەچی حیزبەکان ناهێڵن. لەئەنجامیشدا دنیا ئێمە وەك پارتیو یەکێتی دەناسێ. وەك دوو حیزبی "موعارەزەی عێراقی" نەك وەك گەلێکی خاك داگیرکراو. زۆر کەس پێت دەڵێ لەئەورووپاش حیزبایەتی هەیە، ڕاستە هەیە، بەڵام هەروەکو گوتم ئێمە بەعەقڵیەتێکی تر حیزبایەتی دەکەین. تۆ لەئەورووپا کە دەچێتە دادگا، یا دائیرەیەك کەس لێت ناپرسێ سەر بەکام حیزبیت. کە لەشوێنێك دادەمەزرێی، یا کە دەتەوێ نانێك پەیدا بکەی کەس داوای تەزکییەت لێ ناکا. لەئەورووپا سەرۆکی حیزب لای حیزب مووچەخۆرە. لەگوناه مەعسووم نییە. هەر کاتێك دەشێ دەرکرێ یا بدرێتە دادگە. لەئەورووپا، پێش ئەوەی بەرپرسی حیزبێك قسەیەك بکا هەزارو یەك حیساب بۆ ئەندامانی حیزبەکەی خۆی دەکا. لای خۆمان مەسئوولی حیزب هەیە ڕۆژ نییە ناماقوولییەك نەکاو سووکایەتی بەگەل و نیشتمان نەکا، کەچی ئەندامەکانی عەشیرەت هەر دەیپارێزن! کار گەیشتۆتە ڕادەك بێشەرمانە دیفاع لەئەنفالچییەکانیش بکەن و بەشان و باڵی دەوڵەتی داگیرکەرو لەشکرە هەڵەبجەخنکێنەکەشیدا هەڵبڵێن و هێندەی سەرە دەرزییەکیش حیساب بۆ ڕای گشتیو ڕای ئەندامانی خۆیان نەکەن.

لەمێژە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی هەر گەلێك کیانی نەبێ کەرامەتیشی نییە